Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.01 00:19:30 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# حەمەسەعید حەسەن كەی دواهەمین فیشەكت بۆ كورد تەقاندووە؟!

ئێستا هاوینێكی لاواز لەم ساڵە وەختەدا هەندێ جار قازانی سەرم ئەكوڵێنێ و قوڵپەقوڵپ لە بەردەم بانیژەی ماڵەخەم لێنیشتوەكەمدا پریشك و هوڕی مۆخم بە نێوچەوانی گەلاوێژەوە دێتەخوار و پەلیش بۆ سنگ و بەرۆكی ڕەزبەر ئەهاوێ، ئەترسم ئیمشەو مانگ بە بووكی بۆ ئەم نامۆییەم دابەزێ و بەدەم جریوەی سیسركی چیغی شەوێكەوە لە نێو كۆڵانە بەر بەستراوەكانی نیوەی یەكەمی هەشتاكاندا دامگرێ و دیسانەوە بەدوای سرەوتێكدا وێڵ بم، وێڵ بم بەدوای هاوڕێ زیندایەكانمدا ئەو هاوڕێیانەی پێكەوە دوا نیوەڕوان ئێواران شەوانی هاوین و زستان هیچ كاتەوەختێكمان بۆ نەبوو هاوڕێی منداڵی یەك و منداڵی باوەشی گەڕەكێ بووین لە ژماردنی ژمارەكانی چاو شاركێ هیوایەكمان ئەچڕی لە سڵاودانەوەی ڕۆژ باش هەی پاشاكەی شەوانماندا تروسكەی چرایەكمان ئەدی، ئەو چرایەی هەموو شەوێك بەدزییەوە ئەگەیشتە بەردەمی شاری پاشاكەمان و سڵاوێكی لێدەكردین بەچرپە بە گوێماندا جاڕێكی ئەدا و مزگێنی باڵە فڕەی منداڵانی شار و لادێی ئەداینێ، هێندەی نەدەبرد هەر ئەو كاتەی شەوقی پیكابێكی پەڵە بە پەڵەی یەكانەكانی بەعس وەدەر دەكەوت، ئەم دەبووە تیزماڵكی سەری پەنجەی ئەستێرەیەك و بە هەڵەداوان دەفڕی و ماڵئاوایی لێدەكردین، ئێستا هەژدە ساڵی ڕەبەقە من دەگەڕێم هاوڕێكانم بگرم و دەست لەسەریان بدەم تا ئەوان بێنە نێو شانۆی پاشاوە و منیش ببمەوە دیسان بە منداڵێكی لاسار، بەدوای ئەو دوو هاوڕێیەمدا دەگەڕێم كە لەو شەوەوە لە چاوم ون بوون، دوای فڕینی چرا و هاتنی یەكانەكانی بەعس ئیتر ئەو سا پیكابەكان بوون بەپاشا و ئێمە و چرا و تێكڕای منداڵەكانی تری گەڕەك بە نێچیری لاساری بەعسی سەر ڕێ، هەندێ جار لە گەرووی تینوی نوگرە سەلمان و ئەبوغرێبەوە زایەڵەیەك دێ و بە تەپە خۆی ئەكێشێ بە گوێی بڵ و كپتی سەردەما و لەژێی كەمانێكی شكاوی دەستی خۆری ئازادیدا ئاوازی گۆرانییەكی ئەرخەوانی دائەنێ، هەندێ جار لە هەناوی وشك بۆوەی هاوڕێكانمەوە نانێكی نێوچەوان سوتاوی قەراغ ئەستوری خوێناوی دێ دەڵێ: ئاخۆ ڕۆژێ لەڕۆژان حەمەسەعید حەسەن ناڵەی كزە سوتاوی منی بە قورقوڕاگەدا چووە؟ خۆ ئەگەر ئا ئەدی چۆن حەز بەچاو شاركێ و ڕۆژباش هەی پاشای شەوانی منداڵانی كورد ناكات؟ شەوانێك بێ پیكابی بەڵەك بەڵەك شەوانێكی پڕ چراخان و دوور لەچاوی تینووی خوێن و شەق و زللە و ئیمشی و ئولەكی جەلادەكان؟ گەلاوێژی ساڵی هەشتا و حەوت بوو لە مانگەشەوێكی ئاڵ و واڵی شەوێكی دیكەی تری خەرمانانا لە دوانیوەشەوێكی كڕ كڕ و ماتدا ئەو كاتانەی كە خواش لە شیرینی خەودایە زرمە و ناڵەی ترازانی دەرگای حەوشەكەمان هەناوی هەموو ئەندامانی خێزانەكەمی داغان كردبوو من هێشتا هەر لە شیرینی خەودا بووم لە چەپەرێكی سەربانە هەژارەكەماندا لە سەر دەم لێی ڕاكشابووم و دڵنیام خەونم

بە ئازادیەوە ئەدی هەر بۆشە هاوار و زرمەی بەعسیان بە ئاگایان نەهێنام تا هیچ نەبێ لەخەونمدا ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بووە دەست لە ملانێی سەربەستی بم، لولەی تفەنگێکی تاوان پەتوەکەی لەسەر لادام و خۆی ئەکرد بەڕووومەتی گەرم و سپی و ناسکۆڵەی حەپەساوما کە بەئاگا هاتم بینیم من شانۆیەکی کۆمیدی و ئەوانیش جەماوەرێکی خرۆشدراو قا قا پێدەکەنن بە یەکیان دەووت نە دەبا لەم خەوە شیرینەمان بکردایە داماوە خەوی بە کوردستانەوە ئەدی، ئیتر هەر هێندە بوو تەپ و تل زرم و هوڕ بە پێی پەتی و بیجامەوە لە بەر دەرگا خۆم بینیەوە لە نێوهندێ شەقامی شاردا هەمان پیکابی بەر لەچەند ساڵ لەمەوبەر وەستا بوو لایتەکانی پڕ داگیرساندبوو تا ئێمە کەسمان ئەو کەسە نەبینین کە ڕێبەری ماڵمانی کردووە. بە نەڕەنەڕ بردیانم بۆ گۆڕەپانی فتبۆڵێنی بەعس لایتێکی پڕ تریان دا لە چاوم و دەستایان کرد بە پاسات، حەمەسەعید پێ ئەچێ فتبۆڵێنی بەعس نەزانێ چییە! ئەو کاتەی کورد فوتبۆڵە و گەلەگورگی بەعسیش تیپی هەمیشە براوە، ئاخۆ حەمەسەعید لە چ ساڵێکدا فوتبۆڵی بەر پێی تیپی براوەی بەعس بووە؟ پاش چەند پاساتێك و تۆپی سەر و لێدانی سەربەست شانۆی شەوێکی خامۆشیان بۆ ساز کردین، من ئاگام لێبوو جار ناجارێ کە سەیری مانگم دەکرد هۆن هۆن فرمێسکی بۆ خێزانێکی گەورە و دیلی بێ مروەت ئەڕشت، ئەو کاتانەی لولەی تفەنگێ لە دەمی باوکمایە و پرچی سپی دایکیشم بەدەستی بەعسەوە ئەو کاتانەی تنۆکێ خوێنی ئاڵ بە نێوچەوانی باکمەوەیە و لنگی بێدەستەڵاتی دایکم بە بەر پێی عەلی و چەلوب و سوهام و ڕائید تەهاکانی شارەوەیە، ئاخۆ حەمەسەعید حەسەن شەوێ لە شەوان دامێنی دایکی بە دەستی بەعسەوە بینیوە؟ من بەڵێ چەندەها ڕۆڵەی هەژاری دیکەی تری کوردم بینیویانە، بەڵام دڵنیام تۆ نەخێر نەت دیوە، ئەو کاتانەی شار هەڵۆیەك بوو ئەژنۆ شکاو ئێمەش سوێسکەی بەر دەم و لوتی چەقەڵی بەعس بە خواست و ویستی خۆیان ئەیان گەستین ئەیان جوین تۆ لە کوێ بوویت؟ لە گۆپ تەپە و دێی عەسکەر و سێو سێنان و شاناخسێ و قەیوان ماوەت هەڵەبجەدا ئەو کاتەی بەعس هەژدیهایەك بوو حەوت سەر کوردستانیش پۆڕێکی تەرە و جەستەخوێناوی لە حەشارگەیەکی چکۆلەی هەناسەدان دەگەڕا تۆ لەکوێ بوویت؟ تۆ هاوکاری پێنوسەکانی دوژمن و بەعس بوویت کراسی تاوانی خنکانی هەڵەبجە و ئەنفالت لە بەری بەعسدا ئەدڕی و بەبەژنی کەڵەگەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانت ئەبڕی، ئەو پێشمەرگانە زیرەیان بە چڵکاو خۆرەکانی بەعس کردبوو ئەکوڕانەی ئابڕووی هەزاران دایکی بێ دەستەڵاتی وەك دایکی منیان لە نێو پێکانی بەعس ڕزگار کرد، من و ئێمەو ئەم گەلە ئەو کات لە هەڵەبجە و لە شار و لە کوردستان بووین تۆ لە کوێ بوویت؟ تۆ هاوکاری ڕیزەکانی دوژمن بوویت تۆ خەریکی نوسینی یەکەمین برگەی گۆرانیە باڵنەکراوەکانت بووی بە هەڵەبجە دەستت پێکرد، ئەو کاتانەی بەس هەوا مابوو ببێ بە بەعسی و گەلیش هەڵی بمژێ تۆ لە کوێ بوویت؟ لە باوەشی گەرمی خێزانتا بوویت لە هەڵمژینی هەوای ئازادیدا بوویت، بەڵام من ئێمە هەموو بە هەوای فوتێکراوی خەردەل و تفەنگی تاوان و ترس و تۆقاندن و

سانسۆر و خوێن و مەرگ و بردنی ئابڕوو هەناسەمان ئەدا، تۆ لە کوێ بوویت؟ کە ڕاپەرین و تۆڵەی دایکم و هاوڕێکانم و ئەم گەلە و ڕووبارێکی درێژی خوێنی شەهیدانمان لە دەڵەبەباکان و بەبەریەکانی بەعس کردەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ دیسان لە باوەشی گەرمی ئازادیدا ڕاکشا بووی. کە ڕاپەڕین هەموو تێکڕا یەك گورزی مەچەکی ڕۆستەمێکی زاڵ بووین ئێمە سەوز و سور و زەرد و شین یەك پشتوێنی سەر کەمەری کوردایەتی بووین تۆ لە کوێ بوویت؟ ڕاپەڕینێك لە مەنجەڵی کوڵاوی چاوەڕوانی ئەم گەلەوە لە چنگ و مەچەکی خوێندکار و سەربازی هەڵەاتوو پێشمەرگەی بەرە و دایکانی جەرگ سوتاو و باوکانی داخ لە دڵەوە هەڵ ئەقوڵا من لە وێ بووم ئێمە هەمووامان لەوێ بووین تۆ لەکوێ بوویت؟ کە ڕەومان کرد میلۆنەهامان ڕەش و ڕووت ژن منداڵ پیاوی پەك کەوتە پێشمەرگەی بریندارى بە سەر نەقالەوە ڕاکێشراو بزن مەڕ چۆلەکەکانی سەر بان و گوێسوانەی شار کوکوختیە زایەڵەغەمگینەعاشقەکان ئەوان هەموو لە گەڵ ڕەو دا بوون من لەگەڵیان بووم ئێمە هەموو لەگەڵیان بووین تۆ لە کوێ بوویت؟ نە یەکێتی نیشتمانی نە بەرێز مام جەلال تاڵەبانی نە بەڕێز کاك مەسعود بەرزانی کۆڕەویان بۆ کورد دروست نەکرد گەلی کورد بە پشتیوانی پێشمەرگە و بێ یارمەتی حەمەسەعید حەسەن ڕاپەڕی بەعسی داگیرکەری عەفلەقی لە خاکی کوردستاندا شار بەدەر کرد، بێ حەمەسەعید حەسەن کورد ڕاپەڕی و دڵنیاش بووین هەموو پێکڕا داهاتمان چی بەسەر دێ، بەڵام ئێمەی کورد هەر هیچ نەبێ بۆ تەنها ڕۆژێکیش بوو بێ بە بێ تۆ خۆش خۆشبەختانە ڕاپەرین هەوای ئازادیمان هەڵمژی سەر برزانەش ڕەومان کرد، بەرەیەکی کوردستانی هەژاری ئەو سەردەمە بەچی گەلی کوردی لە ڕوونەدانی هەڵەبجەیەکی تر دڵنیا بکردایە؟ بەو حەمەسەعید حەسەنەی لە وڵاتی سوێدن دانیشتووە و لە تەڕ ئەخوا و لە وشك ئەنوێ ؟ من لەگەڵ ڕەودا بووم 26 ڕۆژ بە بەر ڕهەێڵەی باران و شەستەی غەزەبی خواوە ئێمە هەموو لەوێ بووین تۆ دیار نەبووی! دیسان لەسەر پێخەفی نەرم و شلی بێخەم ڕاکشا بوویت، دەپێم بڵێ حەمەسەعید حەسەن دەرهەق بە چارەی ڕەشی گەلی کورد بێجگەلەوەی سەنگەرێکی دڕکاویت بەرهو ڕووی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد هەڵکەندووە لەچ کات و سەردەمێکدا دوا هەمین فیشەکت بەرەو سنگی حیزبی بەعسی فاشی عەفلەقی تەقاندووە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!

تا ئەو ڕۆژەی هەناسەیەك لە گەرووی ڕابەری گەلی کورد و کوردستان بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بێتەدەر چقڵی چاوی داگیرکەر و دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردە، هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان گەلی کورد پێویستی بە حەمەسەعید و کلك و گالیسکەکانی نییە دەنگی ڕابەرایەتی بە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بدەن، ئێمە میلۆنەها گوڵمان لە سنگ و ئێخەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی داوە، ئەو ئێمەیە و ئێمەش ئەوین هەتا دوا تنۆك خوێن بۆ ئەم گەلە بۆ کوردستان بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تێدەکۆشین.

30.08.2002

پیرمام

تێبینی:
عەلی و سوهام و چەلوب ئەفسەری سیاسی حیزبی بەعس بوون لە سلێمانی لەساڵانی 1986 وە هاتنەشاری سلێمانی.
ڕائید تەها : ڕائیدی سیاسی حیزبی بەعس بوو لە ساڵانی 1986 وە هاتەشاری سلێمانی.